# گۆڤاری ليڤين هەنديك ووشە فرۆشی خەلات کرد

....رزگار كۆچەر
Rzgar77@hotmail.com

كردنەوەی فايلی قەلەمەكانی شەری ناوخۆ لەكاتێكی وەك ئيمرۆ چەندين پرسياری بیٚ وەلام دروست دەكات , خۆ ئاسانترين وەلام لای هەنديك لەم وتار فرۆشانە خۆی لەمە دەبينيێتەوە كە ئەوان حزبی بونەو دلسوزی خۆيان بۆ حزب لەم كاتە نيشان داوە ....

جا ورد بوونەوە لە خودی ئەم وەلامە لای هەنديك لەم بەناو رۆشەنبيرو قەلەم لە دەستانە تابلۆیی راستگۆيی لیێدەبينرێت , بەلام ئەگەر مرۆڤ تۆزێك بە خێرايی سەيری ناوە وەهميەكان و ناوە راستقينەكان بكات و ليێيان بكۆليێتەوە دەبينيێت دوو فاقيەك لە قسەكانی دويێنیٚ و ئيمرۆی هەنديك لەم جانتا لە دەستانە بە دی دەكرێت ...

كەسانێك دويێنیٚ لە بری هەر لاپەرە جنێو نوسينێك خەلات دەكران و وەك پالەوانێك دە ناسران بەرامبەر بە وەسف كردنی نەياری حزبەكەيان بە خێلەكی و پاشقەل و موتەخليف و دەيەها جنێوی تر كە مرۆڤ بێزو شەرم دەكات بيان نوسيێتەوە كەجی ئيمرۆ هەمان جنێو فرۆش خۆی لە لانەی نەيارەكەی دويێنیی دەبينيێتەوە بە پياو ماقول ودلسۆزو نەتەويی و حزبی دەرجەيەك نيشان دەدا خۆی وەك ئەوە نيشان دەدا هەر ئەو حزبی گەياندۆتە ئەم رۆژە تابلۆی دلسۆزی حزب بوە !!!!!!!!!!

ئا ئەمە جنێو فرۆش لەكەسی حزبی و دلسۆز بۆ حزبكەی جيا دەكاتەوە گەر قسەيەكشی كردبێت لای خەلكانی ئاگادار بە بارو دۆخەكە بە هەند وەرناگيرێت ....

ليێرە مرۆڤ گەر بيەوێت بير لە دويێنی خۆيێناوی بكاتەوە گرتنی گرد و , شارۆچكەو , كەپك و , خانوە قورەكانی كۆمەلگا بێنيێتەوە بەرجاو دەبينيێت گەورەترين زەررمەند كەسانی هەلخەلەتاو بونە... ئەوانە بوونە بەقسە زلەكانی ئەم جنێو فرۆشانە فريويان خواردوە و نە بيريان لە

نیشتیمان نه بیریان له خۆیان کردۆتەوە , خۆیان کردۆتە قوربانی قسەی زل ووشە دا تراشەوەکانی پۆست موسقەفەکان !!!!

هەندێك لەم ناوانەی کەوا نیڤین گەوری کردون و ئەم شەرەفەی پیٚ بەخشیون خۆیان چاوەریٚی ئەمەیان دەکرد خۆیان لە بۆسە بوون تا ناویان بێت گەر نیڤین ناوی نەهێنا بان ئەوان خۆیان ناوی خۆیان ئیزافە دەکردو نیشانی ئەوانەیان دەدا کە بە جنێو دان حەزی شێتیان دادەمرکێتەوە ......

کەسانێك ناوی زل و دیٚی وێران ...مێشك بۆش وقۆل فش ....کەسانێك لە وجود ناویان نەبوو خۆیان لە جنێو دروست کرد ...کەسانێك کەلکایەتی و نۆکەرایەتی ....ئەوان جاوەریٚی ئیمرۆی خەلاتی نیڤینیان دەکرد ... ئەوان لە بیر کرابوون ئیمرۆ نیڤین ئەوانی هێناوە بەر جاوانمان و ویستی لە گۆشە مالٚ ویرانەکەی نەزانین کاریزما ماسك کراوەکانی دوێنییٚ نەگبەتی و نەهامەتیەکانی گەل بهێنێتەوە یادمان ...

نیڤین گەر لای خۆی بە ئەرکێکی نیشتمانیش هەلٚسا بێت لای من تەنها خەلات کردن و نەوت شەجاعە بەسینگ ختنی هەندێك لەم جنێو فرۆشانەیە کە بەبردەوام لە دوای قات وریباتی مۆدرێن و ئۆتۆمبێلی فەخم و خانوی موجەهەز و بەلاش گەراون ...

ئەوانەی دوێنیٚ بە جنێو دان دروست بوون ئیمرۆ نیڤین دەیەوێت دیسان بە خەلٚکیان بناسێنتەوە خەلٚالتیان دەکات تا لە دەمی ئەوان فێری جنێودان و رەش کردنەوەی بەرامبەر و دەست کەوت و لەبیر کردنی خوێنی شەهیدان ودەیەها خەونی تر بن نیڤین دەیەوێت بە نەوەی پاش شەری ناوخۆ بلٚێت ئا ئەمانەن مامۆستاکانتان دەی لە دەمی ئەوانەوە فێری جنێو بن فێر بن گەر دوێنیٚ جنێوتان دا ئیمرۆ ئاسانە لە باوشی دوژمنی دوێنتان خۆتان ببینەوەو بن بە پەراسێلکە بەستە زمانەکە ....